Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C11

# بایەخی مێژوویی و شارستانی ناوچەی کەلار لەبەر ڕۆشنایی دەقی مێخی و بەجێماوی شوێنەوارییدا لە ماوەی (٣٥٠٠-١١٥٠ پێش زاین)

مەبەست علی محمد امین

بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

ناوچەی کەلار، چاخی برۆنزی، گوتیەکان، دەوڵەتی ئەکەدی، بنەماڵەی سێیەمی ئور

**Corresponding Author**

mabast.ali@garmian.edu.krd

**پوختە:**


پێگەی جوگرافی ناوچەی کەلار ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی کۆنی میسۆپۆتامیادا گێڕاوە. هەنگاوی یەکەمی شارستانیەت لە میسۆپۆتامیادا، لە ئەشکەوت و پەناگەکانی زاگرۆسەوە سەرچاوەی گرتووە و بە گەرمیاندا بەرەوە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیا درێژبووەتەوە، بۆیە گەرمیان و ناوچەی کەلار پردی پەیوەندی نێوان گۆڕانکاریە فەرهەنگی و شارستانیەکانی میسۆپۆتامیای سەروو و میسۆپۆتامیای خواروو بووە. ناوچەی کەلار لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە بایەخێکی گرنگی هەبووە، و ئەڵقەی پێکەوە بەستنەوەی شارستانیەتەکانی ناوچەکە بووە وەک باشوری میسۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئێران، لە سەرەتای چاخی برۆنزیەوە تاوەکو ئێستا، پارێزگاری لەم پێگە جوگرافیە گرنگە کردووە و لانکەیەکی گرنگی شارستانیەت و ئاوەدانی بووە. ئەم پێگە ستراتیجیەی ناوچەکە وایکردووە، بەردەوام ڕووبەڕووی هێرش و داگیرکاری دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی باشوری میسۆپۆتامیا بوەتەوە لەوانە سۆمەری، ئەکەدی، بابلی و ئیلامی. ناوچەی ئاڵەنگاری و هێڵی جیاکەرەوەی سیاسی و شارستانی نێوان باشوری میسۆپۆتامیا و زاگرۆس بووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مێژووی دێرینی ناوچەکە لە ماوەی چاخی برۆنزیدا لە ڕۆشنایی دەقە میخیەکان و دۆزینەوە شوێنەواریە نوێیەکان، شانشین و شار و نشینگە گرنگەکانی ئەم ناوچەیە خراوەتە بەر باس و پەیوەندی سیاسی و کارلێکی فەرهەنگی نێوان ناوچەکە لەگەڵ باشوری میسۆپۆتامیا ڕوون کراوەتەوە.

## پێشەکی:

کەلار وەک ناوەندی هەرێمی گەرمەسێر، هەڵکەوتەیەکی جوگرافی بایەخدار و پێگەیەکی ستراتیجی لە مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیای کۆن و زاگرۆسدا هەبووە. ستراتیجیەت و گرنگی ناوچەکە بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە: دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سروشتی و ئاویەکان، ڕێگەیەکی گرنگی هاتوچۆی بازرگانی بووە و دەروازەی پێکەوە بەستنەوەی شارستانیەتەکانی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئێران بووە. ئەمەش وایکردووە، ببێتە چەقی گۆڕانکاریە شارستانی و فەرهەنگیەکان. لە دەرەنجامی ئەو چالاکیە شوێنەوارییانەی لە ناوچەکەدا ئەنجامدراون، پاشماوەی شوێنەواری قۆناغە مێژووییە یەک لە دوای یەکەکان دۆزراونەتەوە، گەواهی ئەوە دەدەن، کە ناوچەکە مەڵبەندێکی ژیاری گرنگ بووە، خاوەنی مێژوویەکی نەپچڕاوی ئاوەدانی و شارستانی هەزاران ساڵەیە. سەرباری بایەخە مێژوویی و شارستانی و فەرهەنگیەکەی، بەڵام کەمترین سەرنجی شارەزایان و شوێنەوارناسانی لەسەر شوێنەوارەکانی کەلار و دەوروبەری بووە، ناوچەیەکی پشتگوێخراو بووە و نەتوانراوە وەک پێویست سود لەو چالاکیە شوێنەواریانە کە لە ناوچەکەدا ئەنجامدراون وەربگیرێت بۆ نوسینەوەی ڕەوڕەوەی مێژووی شارستانیەتی سنورەکە، ئەمەش وایکردووە، مێژووە دەوڵەمەندەکەی بە شاراوەیی بمێنێتەوە و ئاشنایەتی بەرامبەر گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و شارستانی و فەرهەنگیەکانی کەم بێت. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر  بارودۆخی سیاسی و ئابوری کەلار و دەوروبەری بە درێژایی ماوەی چاخی برۆنزی. بەڵگە شوێنەواریەکان و دەقە مسماریەکان بەکارهێنراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژوو و شارستانیەت و فەرهەنگی ناوچەکە لە سنوری زەمەنیی توێژینەوەکەدا.  توێژەر، هەوڵی داوە سەرنج بخاتە سەر گرنگی پێگەی جوگرافی و ئابوری ناوچەکە و کاریگەری لەسەر ئەو ڕووداوە سیاسی و سەربازیانەی کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینیوە. شایانی باسە سنوری جوگرافی توێژینەوەکە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی کارگێڕیەوە سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانن، هەروەها ئەو بەشێک ناوچانەش لەخۆ دەگرێت کە دەکەونە باشوری شاری کەلارەوە و لە دەستوری حوکمەتی فیدراڵی عێراقدا بە ناوچەی کێشە لەسەر دیاریکراوە (وێنەی ژمارە ١)، ئەم سنورە جوگرافیە بەدرێژایی چاخی برۆنزی (٣٥٠٠-١١٥٠ پێش زاین) نیشتمانی هۆز و شانشینە زاگرۆسیەکان بوون و کۆتا خاڵی جیاکەرەوە بوون لە نێوان شارستانیەتی زاگرۆس نشینەکان و میسۆپۆتامیای خواروو.

## ١. ناوچەی کەلار لە ماوەی چاخی بەردینی نوێدا:

لە ئەشکەوتەوە بۆ گوند و لە ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراکەوە بۆ کشتوکاڵکردن و ماڵیکردنی ئاژەڵ، ناونیشانی ئەو شۆڕش و گۆڕانکاریە گەورەیە بوو کە مرۆڤ لە دوای هەزارەی هەشتەمی پێش زاینەوە ئەنجامیدا. یەکێک لە کۆنترین نمونەکانی ئەم گۆڕانکاریە لە گەرمیان دۆزراوەتەوە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، براید وود (Braidwood) لە چوارچێوەی پرۆژەی پێش مێژووی چەرمۆ، گوندی چەرمۆی لە باکوری گەرمیانی هەڵبژارد بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاریەکانی ژیانی مرۆڤ لە ئەشکەوتەوە بۆ گوند و تیشک خستنەسەر پرۆسەی قۆناغی گواستنەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ (Neolithization) لە میسۆپۆتامیا (Braidwood and Howe. 1960: 72; Braidwood et al., 1983: 541). سەرەنجام توانی دووەمین کۆنترین گوندی هەمیشەیی لە میسۆپۆتامیا و کوردستان بدۆزێتەوە لە دوای گوندی بێستانسورەوە. کۆنترین مێژووی ئاوەدانی لەم گوندە بە پێی کاربۆنی چواردە دەگەڕێتەوە بۆ (٧٢٩٤-٦٦٥١ پێش زاین) (Tsuneki et al, 2023: 9). ،مەزەندە دەکرێت ٢٥ ماڵ لەم گوندەدا نیشتەجێبوون ، خانوەکانیان لەسەر بناغەیەکی بەردینی و دیواری خشتی قوڕین کە لەبەر خۆر وشکراوەتەوە دروستکراوە، ئابوری دانیشتوانەکەی لەسەر کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداریکردن بووە، هەر بۆیە بە یەکێک لە کۆنترین ئەو گوندانەی چاخی بەردینی نوێ ئەژماردەکرێت کە کشتوکاڵی تێدا ئەنجامدراوە و ئاژەڵیان ماڵیکردووە، دیارترین ئەو ئاژەڵانەش ماڵیکراون، مەڕ و بزن و بەراز و وڵاخ بووە ( Braidwood and Howe, 1960: 183).




وێنەی ژمارە١: نەخشەی سنوری توێژینەوە و ئەو شوێنە شوێنەواریانەی کە دەکەونە ناوچەی کەلار و دەوروبەریەوە (Laugier et al., 2022: 3)

کەلار و دەوروبەری، ناوچەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندە بە پاشماوەی شوێنەواری چاخی بەردینی نوێ، لە چوارچێوەی پرۆژەی ناوچەی سیروان (SRP) بۆ پشکنین و ڕووپێویکردنی کەلار و دوروبەری، ژمارەیەکی زۆر نشینگەی پێش مێژوو دۆزراوەتەوە. کۆنترین نشینگەی مرۆڤ لە ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی (PPN). لە ئەنجامی ڕووپێوی و پشکنینەکانی پرۆژەی ناوچەی سیروان، هەندێک پاشماوەی بەردی داتاشراو لە کەناری ڕووباری سیروان لە گوندی بەردەسور کە دەکەوێتە باکوری شاری کەلارەوە، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش چاخی بەردینی نوێ پێش گڵێنەسازی (٨٠٠٠ پێش زاین)، پێدەچێت ناوچەکە وەک شوێنێکی پیشەسازی بۆ دروستکردنی ئامرازە بەردینەییەکان بەکارهێنرابیت، چونکە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە بەردی (Limestone)، ئامرازەکانیش هەر لە بەردی سنورەکە دروستکراون (وێنەی ژمارە ٢). لە باشوری شاری کەلار بە دووری ١.٥کم و لە نزیک گوندی گردەگۆزینەوە، گردێکی شوێنەواری تۆمارکراوە (گردی گردەگۆزینە)، کە کۆنترین مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنە سازی (چارەکی کۆتایی هەزارەی هەشتەمی پێش زاین) و جارێکی تر لە سەردەمی ساسانی/ئیسلام ئاوەدان کراوەتەوە، گرنگترین ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی دۆزراونەتەوە بریتیە لە ئامرازی بەردینی بچوکی دەم تیژ (micro-blade tools)، چەکوشی بەردی شێوە لای نوکتیژ (prismatic cores)، تیغی دروستکراو لە بەردی ئۆبسیدی ( Obsidian blades) دۆزراوەتەوە (وێنەی ژمارە ٣)، کە لێکچوون و پەیوەندی بەو ئامرازانەوە هایە کە لە چینەکانی پێش گڵێنەسازی لە گوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە (Casana and Glatz, 2017: 54).







وێنەی ژمارە٢: ئامرازە بەردینەییەکانی گوندی بەردەسور        وێنەی ژمارە ٣: ئامرازە بەردینەییەکانی گردی گردەگۆزینە ( Casana and
لە مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان (توێژەر)                    Glatz, 2017: 54)

ژمارەیەک شوێنی شوێنەواری لە کەلاردا تۆمارکراون، کە مێژووی ئاوەدانیان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای سەردەمی چەرمۆ، چاخی بەردینی نوێی گڵێنەسازی، لە ڕووی تایبەتمەندی گڵێنەکاریەوە، لێکچوون و پەیوەندیان بە نشینگەکانی فەرهەنگی حەسونە (٦٢٠٠-٥٥٠٠ پێش زاین)ەوە هەیە (دڵشاد، ٢٠١٨: ١٣٩). گۆزەکان دیوارێکی ئەستور و زبریان هەیە و بە نەخشی هەندەسی ڕەنگ ڕێژکراون. لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلارەوە، لە گردی فەلاح، کە دەکەوێتە نزیک سەوزبڵاغ، نمونەی گڵێنەی ستانداردی حەسونە دۆزراوەتەوە، هەروەها تەپە سیروان، دەکەوێتە باکوری شاری کەلارەوە بە دوری ١.٥کم، کۆنترین مێژووی ئاوەدانی لە گردەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەسونە، لە تایبەتمەندیەکانی گڵێنەی دۆزراوەی ئەم گردە، بەدەست دروستکراو، زبر و لە پلەیەکی گەرمی نزمدا سورکراوەتەوە. گرنگترین جۆری گڵێنە دۆزراوەکان پێک دێت لە سینی توێکڵدار (Husking trays)، دەفر و ژمارەیەکی زۆر ملە گۆزە کە هەڵگری تایبەتمەندێتی نەریتی فەرهەنگی حەسونەن (Casana and Glatz,  2017: 54)، لە ڕووی شکڵ و شێوەوە چونیەکیان لەگەڵ گڵێنە دۆزراوەکانی مەتارەدا هەیە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زاین ( Braidwood et al. 1952:4, 6).

یەکێک لە گرنگترین ئەو نشینگە شوێنەواریانەی کە مێژووەکەی هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی فەرهەنگی سامەڕا (٥٥٠٠-٤٩٠٠ پێش زاین) گوندی چۆغەمامیە، ئەم گوندە دەکەوێتە ناوچەی مەندەلی. تیمێکی بەریتانی بە سەرپەرەشتی دەیڤد و جۆن ئۆوتس لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨) کاری کنەوپشکنینیان لە گوندەکەدا ئەنجام داوە. دۆزینەوە شوێنەواریەکان ئەوەیان ئاشکراکردووە، کە گوندەکە لە کۆتایی هەزارەی حەوتەمی پێش زاین، سودیان لە جۆگەلەی ئاوی دەستکرد بینیوە بۆ کشتوکاڵکردن و لە دوری (٥کم)ەوە ئاویان هێناوەتە ناو گوندەکەوە، ئەمەش پێدەچێت بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا و کەمبونەوەی ڕێژەی بارانبارینەوە بوبێت، سەرباری چەندین دۆزینەوەی شوێنەواری گرنگ وەک بیناسازی و بوکەڵەی قوڕین و پەیکەر و چەندین جۆری گڵێنەسازی، ئەوەی جێگەی سەرنجە، بۆ یەکەمین جار جۆرێک لە گڵێنەی ڕەنگکراوی خۆماڵی لە چۆغە مامی دەدۆزرێتەوە کە دیمەنی هەڵپەڕکێ و سەماکردنی لەسەرە (وێنەی ژمارە ٤)، ئەمەش پێدەچێت پەیوەندی بە ڕێوڕەسم و بۆنەیەکی تایبەتی خەڵکی گوندەکەوە هەبوبێت (Oates and Joan, 1969: 115, 17).




وێنەی ژمارە٤:  نمونەی گڵێنە سازی چۆغەمامی (Oates and Joan, 1969:137)

لە دوای کۆتایی هاتنی فەرهەنگی حەسونە و سامەڕا لە میسۆپۆتامیا، فەرهەنگێکی نوێ شوێنیگرتەوە ئەویش بە فەرهەنگی حەلەف (٥٥٠٠-٤٥٠٠ پێش زاین) ناسراوە، سەردەمەکە بە داهێنانە نوێ و جیاوازەکان ناسێنراوە، ئەوەی جیایدەکردەوە لە سەردەمەکانی پێش و پاش خۆی بریتی بوون ستایلی گڵێنەکان و هونەری ڕەنگرێژی سەر گڵێنەکان، خانووی بازنەیی و مورووو و چاوەزار (Redman, 1978: 198; Glatz and Casana, 2016: 141). سنوری بەرفراوانی ئەم فەرهەنگە، ڕۆژئاوای زاگرۆس و بە تایبەتی ناوچەی کەلاری گرتوەتەوە، هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان لە تەپەی ڕەحیم، لە ناوەندی شارۆچکەی ڕزگاری لە ڕۆژئاوای شاری کەلار، پاشماوەی گڵێنەیی ڕەنگدار و پاشماوەی بیناسازی

سەردەمی حەلەف کە بریتیە لە بینایەکی بازنەیی (ثۆلۆی) لێدۆزراوەتەوە (وێنەی ژمارە ٥ و ٦)، هەروەها ئەنجامی کاری ڕووپێوی و پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان بە هاوبەشی زانکۆی گلاسگۆی بەریتانی لە دەشتی کانی ماسیدا، ژمارەیەک شوێنی شوێنەواری تۆمارکراون کە پاشماوەی گڵێنەیی و ئامرازی جۆراوجۆری لە بەرد دروستکراو و خشتی سورکراوەی چوارگۆشە و مێخی قوچەکی (الفسیفساء-mosaic ) کە لە ڕازاندنەوەی دیواری بیناکاندا بەکار دەهات دۆزراوەتەوە، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەلەف و عوبەید و وەرکا (هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پیش زاین)، دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر دەفر و پاشماوەی گڵێنەیی سەردەمی وەرکا لە جۆری (bevelled-rim bowls) (وێنەی ژمارە ٧)، و دەفر و گڵێنەی سەردەمی عوبەید لە شوێنەواری گاکۆڵ و چوار شوێنی شوێنەواریی لە سەوزبڵاخ و کانی ماسی، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەردەوامی ئاوەدانی نشینگەکە لە ماوەی نێوان هەردوو فەرهەنگەکە (Casana and Glatz, 2017: 56).






وێنەی ژمارە ٥: نەخشەی خانوو بازنەییەکەی تەپەی ڕەحیم (محمد علی)      وێنەی ژمارە ٦: نمونەی گڵێنەی سەردەمی حەلەف لە هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکانی تەپەی ڕەحیم (صلاح و اخرون، ٢٠١٤، ص ٢٥٥)

لە چوارچێوەی دۆزینەوە تازەکان لە کەلار دەردەکەوێت ناوچەکە لە ماوەی سەرەتای هەزارەی چوارەم و هەزارەی سێیەمی پێش زاین ناوچەیەکی گرنگی ئاوەدانی بووە، لە نوێترین کاری هاوبەشی زانکۆی گلاسگۆ و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بریتی بوو لە کاری پشکنین و هەڵکۆڵین لە شوێنەواری شاخی کورە، شوێنەوارەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان بە دوری ١٠کم لە باشوری سەنتەری شاری کەلارەوە، بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە نیشان ئەدەن کە مێژووی ئاوەدانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چاخی کالکۆلیثیکی، لە نوێترین پشکنینی ڕادیۆکاربۆنی بۆ نمونەیەکی هەڵبژێردراوی خەڵوز کە لە کۆگای ئەو خانوەدا دۆزراوەتەوە کاری تێدا دەکرێت، دەردەکەوێت مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٧٨٠ پێش زاین). لە گرنگترین دۆزینەوە شوێنەوارییەکان بریتین لە ناوچەیەکی بەرهەمهێنانی خۆراک کە دیوارەکەی لە شێوەی (Brick-wide shaped wall)ە، ژمارەیەکی زۆر گۆزەی نەشکاو و پارچە گۆزەی هەڵگرتن و چێشت لێنان لە شوێنی خۆیاندا (*in situ*) و هەندێک گۆزەی هەڵگرتن لە ناوماڵی کۆگاکەدا لە زەوی چەقێنراون، هەروەها ژمارەیەک دەفر لە جۆری (Bevelled Rim Bowls) و فڕنێکی گۆزە سورکردنەوەی نارێک (Perruchini et al., 2022: 2).

شایانی باسە، دۆزینەوەی دەفری جۆری (Bevelled Rim Bowls) گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕاوبۆچونی جۆراوجۆر هەیە لەسەر هۆکاری دروستکردن و مەبەستی بەکارهێنانی. یەکێک لە پێشنیارەکان ئەوەیە ئەم دەفرە لە مەراسیم و بۆنە ئاینی و گرنگەکاندا بەکار دەهێنرا، ئەم بۆچونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژمارەیەکی زۆری ئەم جۆرەی دەفر لە نزیک پەرستگای عەشتار لە نەینەوا دۆزرایەوە (Thompson and Hutchinson, 1931: 86). گریمانەیەکی تر ئەوەیە لە کاتی بۆنە و مەراسیمی ناشتندا ئەم دەفرانە بۆنی خۆشیان تێدا دەسوتێنرا بە مەبەستی پاککردنەوەی هەوای دەوروبەر لە بۆنی ناخۆشی مردووان (Buchanan, 1967: 539). مەبەستێکی دیکەی بەکارهێنانی ئەم دەفرانە پێدەچێت بۆ دروستکردن و گێڕانی کێک و شیرینی یاخود دانانی میوە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەکارهێنرابێت (Buccellati, 1990: 32). بە بڕوای دیلۆگاز مەبەستی دروستکردنی ئەم دەفرانە بۆ پرۆسێسکردنی خۆراک بووە، پێی وایە کە پەڕۆیەکی کونیلەدار لەسەر دەفرەکە دادەنرا و شلەمەنیەکانی وەک زەیتی زەیتون و شەراب و هەنگوین لە خەوش و گەرد پاکدەکرانەوە .(Delougaz, 1952: 128-129). مەبەستی بەکارهێنانەکەی هەر کام لەو خاڵانەی سەرەوە بێت، ئەوە نیشان دەدات کەسایەتیەکی گرنگ لە نشینگەکەدا هەبووە و ئەم دەفرانەیان لە بۆنە و مەراسیمی گرنگدا بەکار هێناوە هاوشێوەی ناوچەکەی دیکەی باشوری میسۆپۆتامیا.




وێنەی ژمارە ٧: دەفری گڵێنەی جۆری (Bevelled Rim Bowls) لە شاخی کورە (Perruchini et al., 2022: 2)

## ٢. ناوچەی کەلار لە ماوەی چاخی برۆنزیدا (٣٥٠٠-١١٥٠ پێش زاین):

سەردەمی برۆنزی لە میسۆپۆتامیادا (٣٥٠٠-١١٥٠ پێش زاین) بە دەرکەوتنی یەکەمین شار دەست پێدەکات و بە کۆتایی سەردەمی کاشیەکان کۆتایی پێدێت. شاری ئەریدۆ (گردی شەهرەینی ئێستا) وەک کۆنترین شار لە باشوری میسۆپۆتامیا دەردەکەوێت و دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی گرنگ کە بە چاخی برۆنزی ناسراوە. گرنگترین ئەو داهێنان و پەرەسەندنانەی لە کۆتایی چاخی کالکۆلیثیکی و سەرەتای چاخی برۆنزیدا هاتنە کایەوە و بەشداربوون لە دروستکردن و فۆرمولەکردنی یەکەمین شارستانیەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بریتی بوون لە داهێنانی نوسین (شاری وەکا) و پسپۆڕی پیشە و پێشکەوتنی پیشەسازی و بەکارهێنانی برۆنز لە بواری پیشەسازیە جۆراوجۆرەکاندا، ئەم پێشکەوتنە شارستانیانە بە بێ پێشخستنی کەرتی بازرگانی ئاڵوگۆڕکردن بەدی نەدەهات، چونکە بەشێکی زۆر لە کەرەستەی خام و کەرەستە پیشەسازیەکان لە ناوچەکانی خۆیان نەبوو، پێویستی بە ئەنجامدانی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەدا هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستیان بە زامنکردنی ڕێگەیەکی بازرگانی پارێزراو هەبوو، ئەمە یەکێک بوو لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێی سەربازی نێوان دەوڵەتەکانی باشوری میسۆپۆتامیا و ئەو نەتەوانەی دەکەوتنە سەر ئەو ڕێگە بازرگانیانەی میسۆپۆتامیای خواروویی دەبەستەوە بە ئەو ناوچانەی کە بووبوون بە سەرچاوەی دەستگەیشتن بە کانزا و بەرد و کەرەستە گرنگەکان ( Nissen, 2011: 165; Burney, 1978: 81-82). بە درێژایی چاخی برۆنزی، میسۆپۆتامیا بە قۆناغێکی مەترسیداری ململانێی سەربازی و شەڕدا تێپەڕیوە، یەکێک لەو ناوچانەی کە پشکی گەورەی لەم ڕووداوە سەربازیانەدا بەردەکەوێت ناوچەی گەرمیانە، هەڵکەوتە جوگرافیەکەی وایکردبوو کە ببێت بە خاڵی پێکەوەبەستنەوەی شارستانیەتەکانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیای خواروو و ئێران بەیەکەوە. لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٩)، زنجیرەیەک هەڵکۆڵینی شوێنەواری ڕزگارکردن لە ناوچەی حەمرین ئەنجامدرا، لەو ناوچانەی مەترسی ژێر ئاوکەوتنیان لێدەکرا بەهۆی دروستکردنی بەنداوی حەمرینەوە، تیمێکی شوێنەوارناسی یابانی بەسەرپەرەشتی هیدیۆ فوجی، توانیان چەندین دۆزینەوەی شوێنەواری بە نرخ بەدەستبهێنن، لە گرنگترینیان بریتی بوو لە چەند بینایەکی بازنەیی لە تل جوبە، تل مەزور، تل ڕەزوق و ئەبو قاسم (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێگەی جوگرافی شوێنەوارەکان و پێکهاتە بیناسازیەکانی ئەم بینا بازناییانە دەڕوانرێتە: Postgate and Watson, 1979: 172).

چەند گریمانەیەک خراوەتە ڕوو سەبارەت بە هۆکاری دروستکردنی ئەو بینا بازنەییانە، گرنگترینیان ئەوەیە کە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیەوە جێگەی بایەخ و گرنگی دەسەڵاتدارەکانی باشوری میسۆپۆتامیا بووە بە درێژایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، چونکە یەکێک لەو شا ڕێگە بازرگانیانەی نێوان باشوری میسۆپۆتامیا و ئیلام و ئێران بە ناوچەی حەمرین و دیالەدا تێدەپەڕی، ئەم ڕێگەش بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسی هێرشکردن دەبویەوە لە لایەن گروپە زاگرۆسیەکانەوە، هەر بۆیە ئەم بینا بازنەییانە لە لایەکەوە وەک قەڵای سەربازی و بۆ مەبەستی چاودێریکردن و پاراستنی ئەو ڕێگە بازرگانیە دروست کرابوو، هەروەها خاڵی جیاکردنەوەی باشوری میسۆپۆتامیا بوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا، پێدەچێت بۆ بەرگریکردن و پاراستنی ناوچەکانی باشور بوو لە هێرشی هۆزە زاگرۆسیەکان کە ناوچەکانی باشوریان هەراسانکردبوو. لە لایەکی ترەوە گریمانەی ئەوە کراوە کە ئەو بینایانە خاڵی کۆکردنەوەی باج بووە، لە خەڵکی ناوچەکە و لەو بازرگانانەش بە ناوچەکەدا تێدەپەڕین، چونکە کۆگاکردن لە سیما دیارەکانی ئەم بینایانە بووە، هەروەها چاڵی کۆگاکردنی گەنم و ئامرازەکانی پرۆسێسکردنی گەنم بۆ ئارد وەک فرن و تەنوور لە تل جوبە و تل ڕەزاق دۆزراوەتەوە، هاوکات چەند ژورێک کە هیچ پەنجەرە و بۆشاییەکی تێدا نەهێڵراوەتەوە بۆ ڕێگریکردن لە چونە ژورەی ئاژەڵەکانی وەک مشک و جرج و هەروەها دروستکردنی کەشێکی فێنکتر بۆ هەڵگرتنی خۆراک و دانەوێڵە دروستکراوە، بۆیە پێدەچێت بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی باج و کۆگاکردن بەکار هێنرابن (Renette, 2009: 82, 89, 91). هەرچەندە گومان لە گرنگی ناوچەی حەمرین نیە و دەروازەی نێوان دیجلە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس (Trans-Tigridian Corridor) بووە، بەڵام بۆ سەلماندی ئەو گریمانانە پێویستی بە دۆزینەوەی شوێنەواری نوێ هەیە، چونکە ئەوگریمانانە نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیاری کێ ئەم بینایانەی دروستکردووە و بۆچی تەنها لە ماوەی چاخی بەرەبەیان بنەماڵەی یەکەم و سەرەتای بنەماڵەی دووەمی سۆمەریدا بەکارهێراون؟ ئایا ڕۆڵی خەڵکی ناوچەکە لە دروستکردنی ئەو بینایانەدا چی بووە، لە کاتێکدا ڕێگەیەکی بازرگانی گەورە بە ناوچەکەدا تێپەڕیوە. ماوەی نێوان باشوری میسۆپۆتامیا و ئێران ڕێگەیەکی دوور مەودایە، بۆیە

ئەو کەرەڤان و قافڵە بازرگانیانە پێویستیان بە شوێنێکی پارێزراو دەبوو بۆ پشودان، پێدەچێت خەڵکی ناوچەکە ئەو خزمەتگوزاریانەیان لەبەرامبەر کاڵا و دانەوێڵەدا دابینکردبێت. پێدەچیت ئەمە یەکێک بوبێت لەو هۆکارانەی ناو و ناوبانگی ناوچەی گەرمیان لە سەردەمی چاخی بەرەبەیانی بنەماڵە سۆمەریەکانەوە لە تۆمارە سەربازی و ئابوری و جوگرافیەکاندا گرنگی پێبدرێت و بەشێکی گرنگی لە تۆمارە مێژووییەکانی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی باشوری میسۆپۆتامیا داگیربکات. بۆیە ئەم ناوچەیە و پاشماوە شوێنەواریەکانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و چالاکی شوێنەواریە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە پەیوەندیە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانی نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا.

### ١.٢ ناوچەی کەلار لە ماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زاین:

لە تۆماری دەقە مێخیەکانەوە دەردەکەوێت کە بە درێژایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، گەرمیان بە گشتی و ناوچەی کەلار بەتایبەتی ناوچەی ململانێ و پڕ کێشمەکێشی سیاسی و سەربازی بوون. لە دەقە مێخیەکانی سەردەمی بنەماڵە سۆمەریەکاندا، دانیشتوانی ناوچەکەیان بە دوژمن و ناشارستانی و ماری چیاکان وەسفکردووە. گوتیەکان یەکێک بوون لە کۆنترین نەتەوە ڕەسەنە زاگرۆسیەکانی نیشتەجێی گەرمیان و ناویان لە تۆماری پاشایانی بنەماڵە سۆمەریەکاندا هاتووە، تۆمارێکی لوگالانێموندوی پاشای دەوڵەتە-شاری ئاداب (گردی بەسمایە) لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، بە کۆنترین تۆماری مێژوویی دادەنرێت لە ناوهێنانی گوتیەکاندا (Ahmed, 2012: 68). دیاریکردنی سنوری جوگرافی ئەم خەڵکە جێگەی مشتومڕە، بەڵام کۆدەنگی شارەزایان هەیە کە سنوری جوگرافییان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی وولاتی بابل و باکوری ئیلامەوە، لە نێوان هەردوو ڕووباری  زێی بچوک و سیروان، ناوەندی دەسەڵاتیان لە دەوروبەری حەمرین و قەرەتەپەدا بووە (Frayne, 2008: 37). ناو و ناوبانگی خەڵکی ناوچەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ سەربازیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئەکەدی، چونکە ئەجێندا و نەخشەسازی ئیمپریالیزمی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای ئابوری و دورخستنەوەی مەترسیەکانی ئەو هۆز و نەتەوانە بوو کە بوو بوون بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان، ئەوەی دەوڵەتی ئەکەدی گەیاند بە لوتکە، سود وەرگرتنی چەند لایەنە بوو لەو داگیرکاریانەیاندا، لەلایەکەوە ئامانجیان بوو ڕێگە سەرەکیە بازرگانیەکان کە ناوەندی دەوڵەتەکەی دەبەستەوە بە ناوچە جیاوازەکانەوە بپارێزن، بە مەبەستی گواستنەوەی کەرەستە گرانبەهاکان و مادە خامەکان کە لە کاری بیناسازی و ڕازاندنەوەی کۆشک و پەرەستگاکانیاندا سودیان لیوەردەگرت، هەروەها لە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵیدا سودیان لە کرێکارە بە کۆیلە گیراوەکانی نەتەوە ژێر دەستەکراوەکان وەردەگرت و لەسەر زەویە کشتوکاڵیە نوێیەکان کاریان پێدەکردن، لە لایەکی ترەوە تێچوونە زۆر و زەبەندەکانی کەرتی سەربازی لە ڕێگەی سەپاندنی باج و وەرگرتنی سەرانە لە ناوچە داگیرکراوەکان دابین دەکرا، بەمەش ئیمپریالیزمی دەوڵەتەکە پێویستیەک بوو لە پێناو پاراستی بەهێزی کەرتی سەربازیان، ئەمەش پاشا یەک لە دوای یەکەکانی ناچارکردبوو بە ئەنجامدانی شاڵاوی سەربازی و داگیرکردنی وولاتی نەتەوەکانی دراوسێ (Edens, 1992: 132-34).

ویستی فراوانخوازی و هێرشی ئەکەدیەکان بۆسەر ناوچەی گەرمیان لە ماوەی فەرمانڕەوایی نەرام-سین (٢٢٥٤-٢٢١٨ پێش زاین)ی چوارەم پاشای دەوڵەتەکەوە پەرەی سەند، گرنگی پێگە جوگرافیەکەی گەرمیان کە پردی پەیوەندی نێوان باشوری میسۆپۆتامیا بووە بە باکوری میسۆپۆتامیا و دەوڵەتی عیلام و ڕۆژئاوای زاگرۆس و وولاتی ئێرانەوە، ناوچەکەی خستە بەردەم زنجیرەک هێرشی دەوڵەتی ئەکەدی، چونکە هەرزوو نەرام-سین دەرکی بەوە کردبوو کە گەورەترین مەترسی و ناسەقامگیری بۆ سەر کەرتی ئابوری و بازرگانی دەوڵەتەکەی لە سنورەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتەوەیە کە زێدی گوتیەکان بوو، هاوکات کۆمەڵێک هۆکاری تر پاڵنەری نەرام-سین بوو لە بونیادنانی یەکەمین کیانی دەوڵەت-نەتەوە (Nation-state) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ نەتەوەی سامی نەژاد، لە هەمووی گرنگتر هۆکاری ئابوری بوو، کۆکردنەوەی سامان پێویستی بەوە هەبوو بە شێوەی ڕاستەخۆ لە ڕێگەی تاڵانی و باجەوە دەستی بکەوێت، یاخود ناڕاستەوخۆ بە مۆنۆپۆلکردنی ڕێگە بازرگانیەکان (Mattiae, 1977: 133-134). لە لایەکی ترەوە ئامانجی نەرام-سین بۆ تێپەڕاندنی ئەو سنورانە بوو کە باپیری (سەرجۆنی ئەکەدی) دەستی پێگەشتبوو، سەرجۆن و شوێنگرەوەکانی تاوەکو ئەو کاتە ویستی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی ڕاستەقینەیان نەبوو، بەڵام نەرام-سین بەشێکی زۆری کاتەکانی فەرمانڕەوایی لەو پێناوەدا تێپەڕاند، بەمەبستی سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەی سەرچاوەی کەرەستە خاوەکان بوون بۆ دەوڵەتەکە، بۆ نمونە درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بۆ شاخەکانی تۆرۆس و زاگرۆس بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ناوخۆی دەوڵەتەکەی بوو لە تەختە و بەرد و کانزا، یەکێک لە ڕێگرە گەورەکانی بەردەمی بۆ هێنانەدی ئەم خەونەش گوتیەکان بوو کە بە درێژایی سنورەکانی باکوری ڕۆژهەڵات لە خانەقین و حەمرینەوە تاوەکو زێی بچوک درێژبوبویەوە، هەر بۆیە بە درێژایی دەسەڵاتی نەرام-سین تاوەکو ڕووخان و کۆتایی دەوڵەتەکەش لە ململانێ و ڕووبەڕووبونەوەی سەربازیدا بوون لەگەڵ گوتیەکاندا بۆ ئەوەی ئەو بەربەستە لە بەردەمیاندا تێپەڕێنن(Redman, 1978: 312).

سەربردەی یەکێک لە دیارترین ڕووبەڕووبونەوە سەربازیەکانی نێوان گوتیەکان و نەرام-سین لە دوو دەقی مێژوویی و ئەدەبیدا هاتووە بە ناونیشانی (ڕاپەرینە گەورەکە لە دژی نەرام-سین)، گوتیەکان لە گەرمیانەوە دەبنە پێشەنگی ئەو شانشینانەی کە لە ژێر مەترسی پەلامار و داگیرکردنی دەوڵەتی ئەکەدیدا بوون. تۆمارە مێژووییەکە لە شاری نیپور دۆزراوەتەوە، نەرامی-سین تۆمارەکەی پێشکەش بە پەرەستگای ئێکور (Ekur) کردووە (Michalowski, 1980: 234). دەقەکە بە ڕێنوسی زمانی ئەکەدی کۆن و بابلی کۆن نوسراوەتەوە. لە سەرەتای باسەکەدا، نەرام-سین خۆی وەک خوای زەوی (*il-inatim*) وێنەکردووە، بە لە خۆبایبوونەوە ئاماژە بە کۆکردنەوەی دەیان هەزار سەرباز دەکات لە دژی هاوپەیمانیەتیەک بە سەرکردایەتی گولا-ئان (Gula-An)ی پاشای گوتی و حەڤدە پاشای دیکە، سنورەکەیان لە کانیاش (Kaniš)ەوە لە باکوری ڕۆژئاواوە درێژدەبویەوە تاوەکو ئیلام لە باشوری ڕۆژئاوا، هەرچەندە دەقە مسماریەکە لە دۆخێکی خراپدایە و شکاوە، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شەڕەکە دوای ڕازینەبوونی گولا-ئانی پاشای گوتی هاتووە بە دەستپێشخەریەکی نەرام-سین کە ڕێزی لێدەنێت و ئازادی پێدەبەخشێت، ئەمە یەکەمین دەستکەوتی سیاسی گوتیەکان بوو لە مێژووی ڕووبەڕووبونەوەکانیان لەگەڵ نەتەوەکانی باشوری میسۆپۆتامیا، ڕازی نەبوونی گولا-ئان بە دەستپێشخەریەکەی نەرام-سین، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی، لە سەرەتادا گولا-ئان توانیویەتی سەرکەوتن بەسەر نەرام-سیندا تۆماربکات. دەقەکە بە ناوی پاشا گوتیەکە دەست پێدەکات: ([...] داگیری کرد، گولا-ئان پاشای گوتویم، [...] پاشای کاکموم)، بە دوایدا ناوی تەواوی ئەو پاشایانە هاتووە کە لە هاوپەیمانیتیەکەدا بەشدار بوون. بەشی کۆتایی دەقەکە کە باس لە ئەنجامی کۆتایی شەڕەکە دەکات لە نزیک شورا و دیوارەکانی شاری ئەگاد، بەڵام دەقەکە شکاوە و ئەنجامی کۆتایی شەڕەکە نەزانراوە، لە کۆتاییدا نەرام-سین توانیویەتی بەسەر هاوپەیمانیتیەکەدا زاڵ بێت و کۆتایی بە شۆڕشەکەیان بهێنێت، چونکە لە دوای ئەم شەڕە خوێناویە، سنوری دەوڵەتەکەی بۆ گەورەترین ئاست فراوانکردووە، جگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی گوتیەکان، هەموو ناوچەکانی ژێردەستی پاشایانی

بەشدار لەو هاوپەیمانیە، بوون بە باجدەری دەوڵەتی ئەکەدی. هەرچەندە دەقەکە لە ڕووی ڕێزمانیەوە بە شێوەی کەسی یەکەم نوسراوەتەوە، بەڵام وا دەرناکەوێت کە بەشێوەی دەقێکی شاهانە نوسرابێتەوە. شایانی باسە، لە دەقەکەوە دەردەکەوێت، پاشا گوتیەکە پلە و ئاستی بەرزتری سیاسی هەیە، بەراورد بە پاشاکانی دیکەی نێو هاوپەیمانیتیەکە، بەشی کۆتایی دەقەکە کە باس لە ئەنجامی کۆتایی شەڕەکە دەکات لە نزیک شورا و دیوارەکانی شاری ئەگاد، هەرچەندە دەقەکە شکاوە و ئەنجامی کۆتایی شەڕەکە نەزانراوە، بەڵام لە کۆتاییدا نەرام-سین توانیویەتی بەسەر هاوپەیمانیتیەکەدا زاڵ بێت و کۆتایی بە شۆڕشکە بهێنێت، چونکە لە دوای ئەم شەڕە خوێناویە، سنوری دەوڵەتەکەی بۆ گەورەترین ئاست فراوانکردووە، جگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی گوتیەکان، هەموو ناوچەکانی ژێردەستی پاشایانی بەشدار لەو هاوپەیمانیە، بوون بە باجدەری دەوڵەتی ئەکەدی. هەرچەندە دەقەکە لە ڕووی ڕێزمانیەوە بە شێوەی کەسی یەکەم نوسراوەتەوە، بەڵام وا دەرناکەوێت دەقێکی شاهانە بێت (Westenholz, 1997: 246-249). هەمان ڕووداو کە بە ڕێنوسێکی زمانی هیتی لە بۆغازکۆی دۆزراوەتەوە، لە لایەن گرەیسۆن و سەلەبێرگەرەوە بەدوادا چوون بۆ ناوە کەسیەکان و تۆپۆگرافیەکان کراوە و هەموو ئەو ناوانەی کۆتاییان بە (An, Ka-an) دێت بە ناوی گوتی زانراوە. لەم کۆپیەشدا باس لە سەرکەوتنی نەرام-سین کراوە بەسەر هاوپەیمانیتیەک بەسەرکردایەتی گۆلا-ئانی پاشای گوتی، لیستی ناوی پاشا بەشدارەکان لە هاوپەیمانیتیەکە هەمان ئەو پاشایانەن کە لە ڕێنوسە ئەکەدیەکەدا هاتووە، لە دەقەکەی بۆغازکۆیشدا ئاماژە بە سەرکەوتنی گولا-ئان و هاوپەیمانەکانی کردووە لە قۆناغی یەکەمی جەنگەکەدا و توانیویانە سوپای ئەکەدی بۆ دەوروبەری پایتەخت پاشەکشە پێبکەن، بەڵام دەرەنجامی کۆتایی لە بەرژەوەندی نەرام-سین بووە و توانیویەتی سەربکەوێت بەسەریاندا (Westenholz, 1997: 222-223).

بە درێژایی چاخی برۆنزی، گەرمیان لە ڕووی جیۆ-پۆلەتیکیەوە خاوەن پێگەیەکی گرنگ و ستراتیجی بووە و بەشێک بووە لە پلانە داگیرکاریەکانی دەوڵەتی ئەکەدی. لە تۆمارێکی ساڵانەی سەرجۆنی ئەکەدیدا ئاماژە بە ڕووباری توپلیاش دەکات کە شاری نیقو بەشێک بووە لە ناوچەی توپلیاش، ئەو ڕووبارە بە ناو توپلیاشدا تێدەپەڕێت و دەگاتە ئوقنو (Uqnu) ئەو ناوچەی کە ئارامیەکان لە ترسی هێرشی سەرجۆن خۆیان تێدا حەشاردابوو، سەرچاوەی ڕووبارەکە لە باکوری خۆرئاوای لوڕستانە و بە دوری ٤٠ میل لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مەندەلییدا تێدەپەڕیت تاوەکو دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە، بە سود وەرگرتن لە تۆمارەکەی سەرجۆن، سنوری جوگرافی توپلیاش دەکەوێتە نزیکەی ٤٠میل لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری مەندەلی درێژ دەبێتەوە و هەرێمی نامری (Namri)ی لە خۆ گرتووە (Albright, 1925: 217). کەواتە دیاریکردنی سنوری وولاتی نامری لە زانیاریەکانی دواتردا، زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لە دیاریکردنی شوێنی شاری نیقو. لە ماوەی فەرمانڕەوایی نەرام-سین، لە هەڵمەتێکی سەربازی ئەو پاشایەدا بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان، شاری نیقو (Niqqu)ی کردووەتە ئامانج. ئەم شارە بۆ یەکەم جار لە تۆمارەکانی جوگرافیای سەرجۆندا ئاماژەی بۆکراوە، بە پێی سنور دیاریکردنەکەی سەرجۆن، شارەکە دەکەوێتە نێوان خاللاب (Hallab) و میلونی (Miluni[ ]))، هەروەها لە تۆمارێکی سەردەمی نەرام-سیندا لە بۆغازکۆی دۆزراوەتەوە، ئاماژە بە شاری نیقو و پاشاکەی ئور-باندا (Ur-Banda)دەکات و سنورەکەی لە نێوان لاراک (Larak) و دێر (Der)دا دیاریکردووە (Albright, 1925: 216). بە مەبەستی زیاتر نزیکبونەوە لە دیاریکردنی سنوری شارەکە، دەتوانرێت سود لەو تۆمارانەی پاشایانی ئاشوریش وەربگیرێت کە ئاماژەیان بە شاری نیقو کردووە، لە تۆمارێکی پاشا شەلمانسەری سێیەم ئاماژە بەو شارانە دەکات کە دەکەنە نێو هەرێمی توپلیاش (Tuplias)ەوە، شاری نیقوش یەکێک بووە لەو شارانە، هەروەها لە تۆماری شانزەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایی هەمان پاشای ئاشوریدا ناوی سێ شاری هەرێمی توپلیاشی هێناوە، یەکێک لەو شارانە نیقوە، وەک شارێکی دەورەدراو بە شورا و قەڵا لە هەرێمەکە ئاماژەی پێکراوە.

لە تۆمارێکی مێژوویی پاشای ئاشوری شەلمانسەری سێیەم (٨٣٥ پێش زاین) ئاماژە بە شاڵاوێکی سەربازی بۆ سەر نامری دەکات، لە تۆمارەکەدا هاتووە، شەلمانسەر دوای پەڕینەوەی لە ڕووباری زێی بچوک و تێپەڕاندنی شاخی (خاشیمور) چووە ناو وولاتی نامریەوە، بۆ دیاریکردنی شوێنی خاشیمور، پشت بە دەقێکی پاشا شەمشی-ئەدەدی پێنجەمی ئاشوری دەبەستین، دوای پەڕینەوەی لە زێی بچوک، لە ئارابخاوە بە ئاراستەی شاری کفری ڕێگەی باشوری گرتە بەر، پاشان شاخی خاشیموری تێپەڕاند. هەرچەندە پێشتر خاشیمور بە هەمان شاخی (خاشمار) دەزانرا، کە شاخی بەرانانی ئێستا دەکات لە دەربەندیخان، بەڵام بە بڕوای لیڤاین ئەم دوو ناوە جیاوازن لە یەکتر و شاخی خاشیمور دەکەوێتە ئەو شوێنەوە کە شاخی حەمرین و ڕووباری سیروان بەیەک دەگەن (Levine, 1973; 23)، کەواتە کۆتا خاڵی سنوری نامری شاخی حەمرین بووە، ئەو شوێنەی کە خاڵی جیاکردنەوەی باشوری میسۆپۆتامیا بووە لە زاگرۆس. بەڵگەی زیاتر لەسەر دیاریکردنی شوێنی نامری لە تۆمارێکی دیکە شەلمانسەری سێیەمی پاشای ئاشوریەوە دەست دەکەوێت، لە ساڵی (٨٤٣ پێش زاین)، (شەلمانسەری سێیەم دوای تێپەڕبوونی بە وولاتی نامریدا بۆ توپلیاش لە باشوری ڕۆژئاوا)، شوێنی توپلیاش دەکەوێتە سەر ڕووباری دیالە لە خوارووی شاخی حەمرین، کەواتە نامری دەبێت لە بەشی سەرووی شاخی حەمرینەوە بوبێت لەسەر ڕووباری سیروان، چونکە لە درێژەی باسەکەی شەلمانسەری سێیەمدا ئاماژەی بە ڕووباری نامری کردووە، هەرچەندە دیاریکردنی ڕووبارەکە ئاسان نیە، بەڵام پێدەچێت ڕووباری سیروان بوبێت کە بە سنوری دەوڵەتەکەدا تێپەڕیوە (Levine, 1973; 23). کەواتە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن شاری نیقو کە کەوتبووە سنوری وولاتی نامری لە هەرێمی توپلیاش دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی شاخی حەمرین و سنورەکەی زۆر دور نەبووە لە شاری کەلارەوە، هەرچەندە گومان دەکرێت یەکێک لە گردە شوێنەواریە گەورەکانی دەوروبەری کەلار ناوەندی کارگێڕی شارەکە بوبێت (Casana and Glatz, 2017: 57؛ Altaweel et al. 2012: 9-11). لە دەقێکی نوسراوی سەردەمی نەرام-سیندا کە لەسەر سوڵجانێکی بەردین تۆمارکراوە، ئاماژەیە بۆ داگیرکردنی شاری نیقو، وپاشاکەی بە ناوی کارشوم (Karšum) دەکات کە سوێندی دڵسۆزی بۆ نەرام-سین دووپاتکردووەتەوە و خۆی بە بەندەی ئەو زانیوە، پاشان ئەم پاشایە هێرشەکانی بە ئاراستەی باکوری گەرمیان درێژکردووەتەوە و توانیویەتی هێرش بکاتە سەر شاخی خاشمار کە دەکەوێتە باکوری گەرمیانەوە (ئەحمد، ٢٠٠٩: ٨). لە سەردەمی نەرام-سینەوە شارەکە داگیرکراو و باجدەری دەوڵەتی ئەکەدی بووە تاکو سەردەمی کۆتا پاشای دەوڵەتەکە شار-کەلی-شارڕی (Šar-kali-šarrī)، ئەمەش لە تۆمارێکی پاشا شار-کەلی-شارڕی کە لەسەر دەفرێکی بەردین تۆمارکراوە و لە خەفاجی دۆزراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شاری نیقو تاکو کۆتایی دەسەڵاتی ئەم پاشایە لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئەکەدیدا بووە: (شار-کەلی-شارڕی، پاشای ئەگاد، [...] [...] [...] [...] [...] شانگو، کاهینی گەورەی شاری نیقو[م]، ئەم دەفرەی پێشکەشدەکات لە نیقوم) (Frayne, 1993: 202).

بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی نەرام-سین، دەوڵەتی ئەکەدی لە ململانێی سەربازی و ئەنجامدانی شاڵاوی سەربازیدا بوو بۆ سەر نەتەوەکانی دراوسێی دەوڵەتەکە، ئەمەش وایکرد خەزێنەکانی دارایی دەوڵەت بخرێتە خزمەت ئیمپریالیزمی دەوڵەتەکە و حەزی فراوانخوازی نەرام-سینی پاشاوە، هەروەها

خۆبردنە ڕیزی گەورە خواوەندەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پەرەستگا، نیگەرانی و پشێوی ناوخۆیی لێکەوتەوە، لە دوای مردنی خۆی، بارودۆخێکی دژوار و پڕ کێشەی سیاسی بۆ پاشایەتی دەوڵەتەکە لە دوای خۆی بەجێهێشت. ماوەی فەرمانڕەوایی شار-کەلی-شارڕی (Šar-kali-šarrī) بە سەردەمێکی پڕ لە ئاژاوەدا تێپەڕی، لە بەڵگەنامە و تۆماری ساڵنامەی پاشاکەدا دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووی ژمارەیەک پێکدادانی سەربازی بووەتەوە لەگەڵ نەیارەکانی لە ناوە و دەرەوەی سنوری دەسەڵاتەکەی. گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی و شار-کەلی-شارری گوتیەکان بوون، لە ژمارەیەک تۆماری ساڵنامەی ئەم پاشایەوە دەردەکەوێت کە گوتیەکان لە حەمرین و دیالەوە هێرشی بەردەوامیان دەکردە سەر شاری ئەگاد (Agade)ی پایەتەختی ئیمپراتۆریەتەکە و شار-کەلی-شارریان هەراسان کردبوو، بە شێوەیەک کە سەرکەوتن بەسەر گوتیەکاندا بوو بوو بە ڕەمزی شانازیکردن لای شار-کەلی-شارڕی. لە ساڵنامەیەکی شار-کەلی-شارڕیدا هاتووە بە بۆنەی سەرکەوتنی بەسەر گوتیەکان و دەستگیرکردنی شارلاک (Šarlak)ی پاشای گوتی پەرەستگای بۆ هەردوو خواوەند ئەممونیتوم (Ammunitum) و ئیلابا (Ilaba) دروستکردووە **(ئەو ساڵەی شار-کەلی-شارڕی، بناغەی پەرەستگای دانا بۆ خواوەند ئەممونیتوم و بۆ خواوەند ئیلابا لە بابل و شارلاکی دەستگیر کرد، پاشای گوتیوم)**، هەروەها لە تۆمارێکی دیکەی ئەم پاشادا هاتووە **(ئەو ساڵەی گوتیوم تێکشکێنرا)** (Frayne, 1993: 183,4).

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی لە پرسی مەترسی گوتیەکان بۆ سەر دەوڵەتی ئەکەدی و نزیکبونەوەیان لە پایەتەختی دەوڵەتەکە گرنگی تایبەتی هەیە و ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە، ئەویش نامەی پیاوێکە بە ناوی ئیشکون-داگان (Iškun-Dagan)، پێدەچێت پیاوێکی گرنگ و دەسەڵاتداری شاری ئاداب بووبێت، ئەینێرێت بۆ پیاوێکی تر بە ناوی لوگالرا (Lugalra)، ئەم کەسایەتیە نەناسراوە، بەڵام پێدەچێت خاوەن زەوی یاخود باجدەری شاری ئاداب بوبێت. دەقەکە دووجار خوێندنەوەی بۆ کراوە، یەکەمجار لە لایەن ئۆپێنهێم و دووەم جار لە لایەن میکالۆڤسکیەوە، جیاوازیەکی کەم لە نێوان هەردوو وەرگێڕانەکە هەیە، بەڵام کاریگەری لەسەر مانای گشتی دەقەکە نیە، ئێمە سود لە وەرگێڕانەکەی میکالۆڤسکی وەردەگرین، بۆ خوێندنەوەی وەرگێڕانەکەی ئۆپێنهایم (بنۆڕە Oppenheim, 1964: 71-72).

**(**بەم شێوەیە (دەڵێت) ئیشکون-داگان بۆ لوگالرا: کار لە کێڵگەکە بکە و پاسەوانی مەڕەکان بکە! تەنها پێم مەڵێ: "ئەوە (خەتای) گوتیەکانە؛ من نەمتوانی کار لەسەر زەوییەکە بکەم!". لە هەر میلێکدا بنکەی سەربازی پیاو هەیە، دواتر دەتوانیت لە زەوییەکە کار بکەیت! ئەگەر سەربازەکان هێرشت بکەنە سەر، دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت و مەڕەکان بهێنرێتە ناو شارەوە. لە ئەگەری ئەوەی (تۆ پێم دەڵێیت) "گوتیەکان مەڕەکانیان زەوت کردووەتەوە"، من هیچ لەو بارەیەوە ناڵێم و (تەنها) پارەکەت پێدەدەم. لێرە سەیرکە، سوێند بە ژیانی (پاشا) شار-کەلی-شارری دەخۆم کە ئەگەر گوتیەکان مەڕەکان زەوت بکەنەوە، و تۆش لە سەروەت و سامانی خۆتەوە پارە بدەیت، منیش کاتێک دەگەمە شار پارەکەت (دەدەمەوە). بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبیت لە پاسەوانیکردنی ئاژەڵەکان، من داوای (بڕ)ی دروستی کرێی کێڵگەکەت لێدەکەم (کە قەرزاری منیت)! ... پێویستە (ئەمە) بزانیت!**)** (Michalowski, 1993: 27-28). هەرچەندە بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتی ئەکەدی توشی ئاڵۆزی و دارمانی سیاسی و سەربازی بووبویەوە، دوژمنە زۆرەکانی دەوڵەتەکە لە هەموو لایەکەوە پەلامار و فشاریان بۆ سەر شار-کەلی-شاری دەست پێکردبوو، بەڵام لە ڕۆشنایی ئەم تۆمارە مێژووییەوە دەردەکەوێت، گوتیەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەیان لە ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەکەدیدا بینیوە، هێندە نزیکبووبوونەوە لە پایتەختەوە کە خەڵکی نەیاندەتوانی بچنە سەر کێڵگەکانیان و ئاژەڵەکانیان ببەنە لەوەڕگاکان، بۆیە لێدانی کۆتایی لە دەوڵەتی ئەکەدی نە ئامۆریەکان بوون و نە ئیلامیەکان، بەڵکو گوتیەکان هێرشیان کردە سەر شاری ئەگگاد و توانیان کۆتایی بە فەرمانڕەوایی کەمتر لە ١٥٠ ساڵەی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی بهێنن و هەرخۆشیان بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە فەرمانڕەوایی ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیایان گرتە دەست.

## ٢.٢ پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی شانشینەکانی ناوچەی کەلار لە ماوەی هەزارەی سێیەم پێش زاین:

ململانێی دورودرێژی نێوان ئەکەدیەکان و هۆز و شانشینە نەیارەکانی دراوسێ، بە ڕووخان و لەناوچوونی دەوڵەتی ئەکەدی کۆتایی پێهات. لەبەر ڕۆشنایی دەقە مێژووییەکاندا دەرکەوتووە، گوتیەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و کاریگەریان لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەکەدی بینیوە. ئەمەش وایکرد ببنە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئەکەدی و لە ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیادا باڵادەست بن، گوتیەکان خاوەنی دەوڵەتێکی مەرکەزی نەبوون، بەڵام فەرمانڕەواکانی هەوڵیان دەدا وێنە و کەسایەتی فەرمانڕەواکانی پێشووی دەوڵەتی ئەکەدی لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن، دەیانویست شەرعیەتی فەرمانڕەواییان لە ڕێگەی مامەڵە و پابەندبوونیان بە نەریت و ئایدۆلۆجیا و سیفەتە ئاینی و نەتەوەییەکانی پاشاکانی پێشوو بەدەست بهێنن. لیستی پاشایانی سۆمەری ئاماژەی بە ٢١ پاشای گوتی کردووە، لە ماوەی کەمتر لە یەک سەدە فەرمانڕەوایی ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیایان کردووە (Steinkeller, 2015:282-283). یەکێک لە گرنگترین و دیارترین پاشا گوتیەکان ئێریدۆ-پیزیر (Erridu-pizir)ە کە ناونیشانی (پاشای گوتیۆم) و (پاشای چوارلای جیهانی) داوەتە پاڵ خۆی، ئەم نەریتەی لە پاشایانی ئەکەدیەوە وەرگرتوو. ئەم پاشایە چەندین تۆماری مێژوویی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، هەرچەندە ئەم پاشا ناوی لە لیستی پاشایانی سۆمەریدا نەهاتووە، بەڵام بڕوا وایە یەکەمین پاشای گوتیەکان بوبێت لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەکەدی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، لە لیستی پاشایانی سۆمەریدا یەکەم پاشا ناوی نیە و بە (پاشایەک بەبێ ناو) تۆمار کراوە، زۆرینەی شارەزایان گریمانەی ئەوەیان کردووە کە ئەو پاشا بێناوە ئێریدۆ-پیزیرە (Steinkeller, 2015: 282-283; Frayne, 1993: 220).

لە تۆمارە مێژووییەکانی ئەم پاشایەوە دەردەکەوێت پەیوەندی لەگەڵ هێز و شانشینەکانی گەرمیاندا ئاڵۆز بووە، پێدەچێت بە دەستبەکاربوونی یەکەمین پاشای گوتیەکان لە لە ماوەی کەمتر لە ٤ ساڵی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایەدا لە ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیا، هۆز و شانشینەکانی دەوروبەری کەلار دەستیان بە جموجوڵی سەربازی لە دژی گوتیەکان کردبێت، ئێریدۆ-پیزیریش چەندین شاڵاو سەربازی بردووەتە سەر ناوچەکانی گەرمیان و لە تۆمارە بەجێماوەکانیدا بانگەشەی سەرکەوتن دەکات بەسەر نەیارەکانیدا. یەکێک لە تۆمارە مێژووییەکانی ئێردۆ-پیزیر لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی زانکۆی پەنسلڤانیاوە لە گردی نیپلۆ (شاری گرسۆ) کە بە گردی تابلیت ناسراوە دۆزراوەتەوە، دەقەکە لە شەش ڕیز پێک دێت و بە بڕوای کوتشەری سەرۆکی تیمەکە دوو ڕیزی تۆمارەکە ونبووە، ئەمەش، دەقەکە ئاماژە بە هەڵمەتێکی سەربازی ئێریدۆ-پیزی دەکات بۆسەر شاری مادگا، توانیویەتی پاشای شارەکە دەستگیر بکات و لە سێدارەی بدات بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

**(**خواوەند...، خواوەند عشتار- [ئانونی]توم... و واوەند ئیللابا، یەکێک لە گەورە خواوەندان، لە گروپی (خواوەندان)، ئێریدۆ-پیزیر پاشای گەورەی گوتیوم و هەرچوار لا،... [...] فەرماندەکەی مادگا...، [ئێریدۆ]-پیزیر، پاشای گەورەی گوتیوم و هەر چوار لا، (ئەو کاتەی فەرمانڕەوای مادگا) لێی ترسا،

چووە ناو شاخەکان، و ئێریدۆ-پیزیر ڕاوی کرد، و دەستگیری کرد، پاشا پاشا دوریخستەوە، ئێریدۆ-پیزیر، پاشای گوتیوم و هەر چوار لا، بە زەبری هێز دوریخستەوە، لە ڕێگای دەرگای خواوەندی گوتیوم، پاشای (مادگا)ی لە سێدارە دا و کوشتی، پاشان (وتی) ئێریدۆ-پیزیر، پاشای گەورەی گوتیوم و هەر چوار لا، لەو کاتەدا، پەیکەری خۆم دروست کرد و ...، پێشکەش بە خواوەند ئەنلیلم کرد لە نیپور. هەرکەسێک ئەم تۆمارە بسڕێتەوە، خواوەند شەمەش، عشتار [و] ئیللابا ڕیشەی دەربێنن و نەوەکانی لە ناو ببەن) (Frayne, 1993: 221, 2).

هەرچەندە تۆمارەکە شکاوە و چیرۆکی ڕووداوەکە بە تەواوی نەخوێندراوەتەوە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئێریدۆ-پیزیری پاشای گوتیوم هێرشێکی بۆ سەر شاری مادگا لە کفری ئێستا کردووە و پاشاکەی بە دیل گرتووە و لە بەردەم دەرگای خواوەندی گوتیوم لە سێدارەی داوە. شایانی باسە لە دوو تۆماری سەردەمی گودیا (٢١٤٤-٢١٢٤ پێش زاین) پاشای بنەماڵەی دووەمی لەگەش، ئاماژە بە شاری مادگا کراوە، لە تۆماری یەکەمدا گودیا ئاماژە بە دەرهێنان و گواستنەوەی قیر و جیپسم کراوە لە شاری مادگاوە بە بەلەم بۆ شاری لەگەش بۆ خواوەند نینگرسو: (پاشان، گودیا قیری وشک و جیپسمی بۆ خواوەند نینگیرسو گواستەوە لە زنجیرە شاخەکانی مادگا، بە بەلەمی جۆری (hauna and nalua)، ئەگەرکاتی دروێنە بوایە، بە بەلەم دانەوێڵەی کێڵگەکانی دەبرد بۆ (لەگەش))، لە تۆماری دووەمدا، گودیا باس لە بردنی قیر دەکات لە مادگاوە بۆ سواغدانی دیواری پەرەستگای خواوەند نینگیرسو بە ناوی ئێ-نەننۆ: (گودیا قیرێکی بێشوماری لە مادگا، لە زنجیرە شاخی ڕووباری ئۆردیال برد و بەکاری هێنا بۆ سواغدانی دیواری پەرەستگای ئێ-نەننۆ) (Edzard, 1997: 35,79). لە تۆمارێکی ئەرشیفی گردی سولەیمە لە حەمرین، ئاماژەی بە شاری مادگا (ma-da- ga.KI) کراوە، هەمان ئەو شوێنەیە کە لە تۆمارەکانی گودیا و بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ئاماژەی بۆ کراوە و پەیوەستکراوەتەوە بە سەرچاوەی دابینکردنی قیر، بە بڕوای هێرتزفێلد شاری مادگا دەکەوێتە نزیک شاری کفری (Herzfeld, 1968: 233)، هەروەها بە بڕوای فرەین شاری مادگا دەکەوێتە دەوروبەری کفری و بۆ ئەو مەبەستەش باکوری ڕۆژئاوای ئاسکی کفری بە شوێنی شاری مادگا دیاری دەکات (Frayne, 2008: 45).

لە تۆمارێکی دیکەی ئێریدۆ-پیزیری پاشای گوتیەکاندا ئاماژە بە هێرشکردنە سەر شانشینی سیموررووم دەکات: (ئێریدۆ-پیزیر، پاشای گەورەی گوتیوم و هەر چوار لا: کاتێک کا-نیشپا (پاشای سیموررووم) دەستی دایە دوژمنکاری، فەرمانەکانی باوکم ئێنریدا-پیزیر پاشای گەورەی گوتیوم و هەر چوارلای لەبیرکرد، هانی وولاتانی چیا و شارەکانی دا بۆ ڕاپەڕین، (و) تاوەکو دورترین سنورەکانی وولاتی لولوبوم وولاتانی...، (ئێریدۆ-پیزیر) پەلەی کرد لە ڕووبەڕووبونەوەی...، خواوەند عەشتار سەربازەکانی لە شار ئەگاد کۆکردەوە، هەموو سوپاکە کۆکرانەوە بۆی (ئێریدۆ-پیزیر) چوو بۆ سیموررووم، ئەو (ئێریدۆ-پیزیر) چووە ناو...، سوپاکە بزنێکی نێری گەورە کرا بە قوربانی بۆ خواوەندەکان لە ئەگاد لە پێناو مانەوەیان، تێکی شکاندن، دەست بەسەر ئەسپەکانیان و مانگا گەورەکان و مەڕەکانیان گیرا، خواوەندی گوتیوم و ئێنریدۆ-پیزیر دەستی بەسەر هەموویدا گرت...، (بەڵام) پاشایەتی خواوەند ئەنلیل و عەصای خواوەند عەشتاری هەڵنەگرت، خواوەند ننخورساگ و نینتو نەوەکانی لەناو ببەن، ئەوەی...، ئەو (ئێریدۆ-پیزیر)، پەیکەرێکی خۆی پێشکەش بە خواوەند ئەنلیل کرد، پێی دانا لەسەر...) (Frayne, 1993: 223, 4). شایانی باسە سیموررووم یەکێک بووە لە شانشینە بەهێز و کاریگەرەکانی کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین و خوری نەژاد بوون. ناوبانگ و بەهێزی ئەم شانشینە وایکرد لە ژمارەیەکی زۆر تۆمارە مێژووییەکانی سەردەمی ئەکەدی و گوتی و بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ئاماژەی بۆ کراوە، سەبارەت بە شوێنی جوگرافی ئەم شانشینە، ناوەندی دەسەڵاتیان لە شارەزوور بووە، بەڵام دەسەڵاتیان تاوەکو دەوروبەری شاری کەلاری ئێستا درێژبووەتەوە، چەند شانشینێکی خوری نەژاد وەک نیقو و کارخار لە کەلار و دەورەبەریدا بڵاوبووبوونەوە و وا دەردەکەوێت کە پەیوەندیان لەگەڵ سیموررووم باش بوبێت. پێدەچێت قەڵای شێروانە و تەپەی کەلان کە دوو لە گەورەترین گردە شوێنەواریەکانی سەردەمی برۆنزین لە ناوچەکەدا، دوو ناوەندی کارگێری بەهێزی سیمورووم بوبێت (Casana and Glatz, 2017: 57; Glatz and Casana 2016: 132).

لە تۆمارەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور، زۆرترین جار ئاماژە کراوە بە شەڕ و ململانێی سەربازی پاشا یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتەکە لەگەڵ سیموررووم، زۆرترین جار گەرمیان و ناوچەکانی خۆرهەڵات و باشوری ڕۆژئاوای شاری کەلار کە شانشینە خوری نەژادەکانی وەک کاراخار و سیموررومی لێ نیشتەجێبوون کەوتووەتە بەردەم ئامانجی شاڵاوە سەربازیەکانی پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور. لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی بنەماڵەی سێیەمی ئورەوە، ململانێ و بەرکەوتنی سەربازی لە نێوان دەوڵەتەکە و گوتیەکاندا دروست بووە. یەکێک لە دەقە شاهانەییەکان کە بە تاپۆی ئور-نەمما (*Cadastre of Ur-Namma*) ناسراوە ئاماژە بە سەرکەوتن و ڕزگارکردنی بەشێک لە ناوچەکانی دەوڵەتەکەی دەکات لە هەرێمی دیالە و باکوری ئەگاد کە گروپە زاگرۆسیەکان (گوتیەکان) لەو ناوچانەدا چالاک بوون (Stępień, 2009: 9-10). هەروەها لە لاواندنەوەیەکی شعریدا بۆ مەرگی ئور-نەمما و سرودی شاهانەیی شکۆمەندی پاشا شولگیدا، دەردەکەوێت کە ئور-نەممای باوک لە شەڕێکدا لەگەڵ گوتیەکاندا کوژراوە، ئەمەش شولگی خستە جەنگێکی تۆڵەسەندنەوەی دورودرێژەوە لەگەڵ گوتیەکان و ئیلامیەکاندا. تۆمارێکی سەردەمی پاشا شولگی نەخشە ڕێگەی شاڵاوە سەربازیەکەی ئەو پاشایەمان بۆ ڕووندەکاتەوە لە ناوچەی دیالەوە کردوویەتیە سەر باشوری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار، لە چل و پێنجەهەمین ساڵی فەرمانڕەوایی شولگیدا هێرشی کردووەتە سەر کاراخار و سیمورووم (شولگی کاراخار و سیموررومی بەزاند لە هەمان ڕۆژدا) لەمەوە دەردەکەوێت کە دۆزینەوە و دیاریکردنی سنوری جوگرافی کاراخار و سیموررووم پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە و هەردوو شانشینەکە دراوسێی یەکتر بوون و سنوریان هاوبەش بوو. هەرچەندە ناوەندی دەسەڵاتی سیموررووم و پایتەختە شاری شانشینەکە بە هەمان ناوەوە دەکەوێتە دەشتی شارەزوورەوە، بەڵام دەسەڵاتی شانشینەکە تاوەکو باشوری شاری کەلار درێژ بوەتەوە، هەرچی سنوری جوگرافی شانشینی کاراخارە، بە بڕوای هەندێک لە شارەزایان دەکەوێتە نزیک خانەقین و پێدەچێت لەسەر ڕووباری ئەلوەن بێت (Frayne, 1997: 104). کۆتا سنوری باشور و ڕۆژئاوای شانشینی کاراخار خاڵی جیاکەرەوەی باشوری میسۆپۆتامیا و زاگرۆس بووە، هەر لەشکرکێشیەک لە باشوری میسۆپۆتامیا و دیالەوە کرابێتە سەر شانشینەکانی سنوری زاگرۆس، سەرەتا بەسەر کارخار و سیموررومدا تێدەپەڕی، هەربۆیە لە ماوەی فەرمانڕەوایی پاشا شولگیدا زۆرترین شاڵاوی سەربازی بە ناوی بەزاندنی ئەم دوو شانشینەوە تۆمار کراوە (Frayne, 2008: 46-47).

## ٢.٢ ناوچەی کەلار لە ماوەی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا:

کۆتایی چاخی برۆنزی (١٥٥٠-١١٥٠ پێش زاین)، بە سەردەمی دەرکەوتنی هێزی سیاسی کاشیەکان و کاریگەریان لە نێو دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک هیتی، میسر، عیلام و میتانی دادەنرێت. کاشیەکان لە نێو ئەوگەمە سیاسەیەی نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمدا، لە چوارچێوەی نامە و دیاری گۆڕینەوەی دیپلۆماسی و زەواجی سیاسی و هەروەها شەڕ و کێشمەکێشی سیاسیدا ڕۆڵێکی کارای دەگێڕا و بوونی خۆی وەک هێزێکی سیاسی ململانێکار سەلماندبوو.

له سەرچاوە مێژووییەکاندا، کاشیەکان بە گروپێکی نەژادی زاگرۆس نشین پێناسە کراون. دەرکەوتنیان لە باشوری میسۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین و وەک شارەزای بواری سەربازی ناوبراون کە لە سوپای حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠ پێش زاین) خزمەتیان کردووە (Brinkman, 2017: 2-3).هەروەها لە سەردەمی پاشای بابلی کۆن، سامسوئیلونا (١٧٥٠-١٧١٢ پێش زاین)، بە دوژمن ناوی کاشیەکانی هێناوە، (کاشیەکان، ئەوانەی خەڵکی شاخەکان و ناتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ شاخەکان) (Stol, 1976: 54).

سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتی کاشیەکان و فەرمانڕەوایەتیان لە بابل دەگەڕێتەوە بۆ دوای هێرشەکانی مورسیلی یەکەم (١٥٩٥ پێش زاین)ی پاشای هیتی بۆ سەر بابل و ڕووخاندنی دەوڵەتی بابلی کۆن. وەک هێزێکی کاریگەر، بۆ ماوەی زیاتر لە (٤٠٠ ساڵ) فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیان گرتە دەست. یەکێک لەو ناوچانەی کە ڕۆڵی سیاسی و شارستانیان تێدا گێڕاوە ناوچەی کەلار و دەوروبەریەتی، سەرەتای دەرکەوتنی هەژمونی کاشیەکان لە گەرمیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (١٦ پێش زاین). لە دەقێکی مسماری پاشای کاشی (ئاگومی دووەم یان ئاگوم کاکریمە) کە لە کۆپیەکی هەزارەی یەکەمی پێش زاین ماوەتەوە دەردەکەوێت، پاشا بانگەشی سەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکانی سەرووی دیالە (سیروان) و ناوچە شاخاویەکان و ڕێگەی سەرەکی خوراسان دەکات، دەسەڵاتی گەشتووەتە **(**ناوچەی ئەشنونا، ناوچەکانی پادان و خالمان، و ناوچەی گوتیەکان**)** ناوچەکانی ئەشنونا و گوتیەکان تا ڕادەیەک ڕوونە و دەکەونە ناوچەی گەرمیانەوە، هەرچی ناوچەی پادان و خالمانە، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی بابلی ناوەڕاست دەکەونە سنوری سەرپێڵی زەهاوەوە، کەواتە بە پێی ئەم دەقە مسماریە، ئاگوم کاکریمە توانیویەتی بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەو ڕێگە بازرگانیە سەرەکیە بکات کە باشوری میسۆپۆتامیای بە ئیلام و ئێرانەوە دەبەستەوە. لە تۆمارێکی مێژوویدا هاتووە، کاشیەکان لە ماوەی فەرمانڕەوایی (نازی-ماروتاش ١٣٠٧-١٢٨٢ پێش زاین) هێرش دەکاتە سەر وڵاتی نامری و داگیری دەکات، شایانی باسە نامری دەکەوێتە بەری خۆرهەڵاتی ڕێگەی خوراسان، لە باشوری شاری کەلاری ئێستا و سنوری دەوڵەتەکە لە باشورەوە تاوەکو سنوری شاری نیقو لە نزیک خانەقین درێژ دەبویەوە، و لە باشوری خۆرئاواوە هاوسنوری شارەکانی پادان و خالمان بوو لە سەرپێڵی زەهاو (Glatz et al., 2019: 442).


لە دوای تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو پاشای کاشی و ئاشوری (کاشتلیاشی چوارەم و توکلتی-نینورتای یەکەم) لە ساڵی (١٢٢٥ پێش زاین) و سەپاندنی هەژمونی ئاشوری بەسەر کاشیەکاندا، بواری بۆ فەرمانڕەوای ئیلامی (کیدین-خوترانی دووەم) ڕەخساند کە دوو شاڵاوی سەربازی بکاتە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی بابل، هەردوو شاری پادان و خالمانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەروەها ناوچەکانی دێر و تاوەکو نیپور کەوتنە ژێردەسەڵاتی ئیلامیەکان، بەڵام دوای دەرچونی کاشیەکان لەژێر هەژمونی ئاشور، هەوڵەکانیان چڕکردەوە بە مەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵاتیان بۆ ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی بابل کە کەوتبونە ژێر دەسەڵاتی عیلامیەکان، بۆ ئەو مەبەستە دەستیان کرد بە بەخشینەوەی زەوی ناوچەکە بۆ دەسەڵاتدارەکانی کاشی و ئەم موڵک بەخشینەوەیە لەسەر بەردی کودورو (*kudurru*) ئاماژەی پێکراوە و خاکی نامریش کەوتبووە نێو چوارچێوەی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی کاشیەوە (Liverani, 2011: 377). جارێکی تر و لەو ڕێگەیە دەسەڵاتیان بۆ ناوچەی گەرمیان گەڕایەوە و ناوچەکانی توپلیاش و نامری و خالمان، کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی کاشیەکان، هاوکات دۆزینەوە شوێنەواریەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پێدەچێت ناوەندی دەسەڵاتەکەشیان لە کانی ماسی بوبێت. کانی ماسی یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی کۆتایی چاخی برۆنزی، دەکەوێتە دەشتی بن کورەوە بە دووری (١٢کم) لە باشوری شاری کەلارەوە. لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە دەست بە کاری شوێنەواری کراوە، لە لایەن بەڕێوەبەراتی شوێنەواری گەرمیان، بە هاوبەشی زانکۆی گلاسگۆی بەریتانی و کۆلێجی دارمۆسی ئەمریکی. دۆزینەوە شوێنەواریەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە شوێنەوارەکە شارێکی کاشیەکان بووە لە ماوەی کۆتایی سەدەی (١٣ و ١٢ پێش زاین)، لە گرنگترین دۆزینەوە شوێنەواریەکان بریتین لە بینایەکی گەورە کە پێدەچێت وەک ناوەندێکی کارگێڕی سیاسی بەکارهێنرابێت (وێنەی ژمارە ٨) ( Glatz et al., 2019: 449).

ژمارەیەکی زۆر گڵینەی کاشی (Kassite goblet) لە کانی ماسی دۆزراوەتەوە کە هاوشێوەی لەگەڵ ئەو گڵینانە هەیە کە لە تەپە کەلان و ناوبازاڕی شاری کەلار لە نزیک گردی قەڵای شێروانە دۆزراوەتەوە، هەروەها لە وێنەی کۆڕۆنا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەردەکەوێت کە ناوبازاڕی کەلار نشینگەیەکی گەورەی سەردەمی کۆتایی چاخی برۆنزی بووە (وێنەی ژمارە ٩)، هەروەها لە شوێنەواری باوە مەحمود، سەکۆیەک کە لە خشتی سورەوەکراو دروستکراوە لەگەڵ چەندین گڵینەی سەردەمی بابلی ناوەڕاست. جگە لە کانی ماسی، تەپە کەلان (٢٥کم باکوری بەنداوی حەمرین)و قەڵای شێروانە (ناوەندی شاری کەلار) و باوە مەحمود (نزیک شاری خانەقین)، سێ شوێنی شوێنەواری گەورە و گرنگن لە ناوچکەدا، پێدەچێت لە کۆتایی چاخی برۆنزیدا پەیوەندیەکی سیاسی و فەرهەنگی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت و ناوەندی سیاسی و کارگێڕی گرنگ بوبن، ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، ئەو شارانەی کە لە دەقە مسماریەکانی کۆتایی چاخی برۆنزیدا ناویان هاتووە لەسەر ڕووی ئەم گردە شوینەواریانە بوبن، بە تایبەتی کانی ماسی، کە پێدەچێت باشترین بەربژێر بێت بۆ شاری (پادان) لە کۆتایی چاخی برۆنزیدا (Glatz and Casana, 2016: 141, 43, 44)، گومان لە گرنگی پێگەی جوگرافی و ئاوەدانی کەلار و دەوروبەری ناکرێت لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین، بەڵام سەلماندنی ئەم بۆچونە پێویستی بە هەڵکۆڵینی شوێنەوار و لێکۆڵینەوەی نوێ هەیە، پێدەچێت لە داهاتوودا بتوانرێت بەڵگەی زانستی و دەق مسماری لەم شوێنە شوێنەواریانەی، کە لە ئێستا کارکردن تێیاندا بەردەوامە بدۆزرێتەوە و پێگەی سیاسی و فەرهەنگی ئەم شوێنە شوێنەواریانە ڕوون بکرێتەوە.

کۆتایی سەدەی ١٣ پێش زاین، قۆناغی ململانێ و تێکچوونی پەیوەندی نیوان کاشیەکان و دەوڵەتی ئاشوری ناوەڕاست دەست پێدەکات. بە سەرکردایەتی پاشا توکلتی-نینورتای یەکەم (١٢٣٣-١١٩٧ پێش زاین)، لە ساڵی (١٢٢٠ پێش زاین) کاشتلیاشی پاشای کاشی لەسەر دەسەڵات لادەدات و بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەست بەسەر دور-کوریگالزودا دەگرێت, تا ئەو کاتەی لە ڕێگەی شۆڕشێکەوە جارێکی تر دەسەڵات لە ئاشوریەکان وەردەگرنەوە و پاشا (ئەدەد-شوما-ئوصور) دەچێتەوە سەر کورسی پاشایەتی بابل، لەو ماوەیەدا، توکلتی-نینورتای یەکەم هێرشی کردووەتە سەر ڕۆژهەڵاتی دیجلە و ناوچەی دیالە، تەنانەت لە دەقێکی مێخیدا ئاماژە بە سەپاندنی باج بەسەر شاری زامباندا دەکات (Brinkman, 1976: 20; Llop-Raduà, 2011: 212). بە پشت بەستن بە دەقێکێکی مێخی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست کە ناوی ناوچە یاخود شاخی زامبان/زابانی هێناوە، دۆگلاس فرەین لەو بڕوایەدایە کە شارەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری سیروان و بۆ ئەو مەبەستەش ناوچەی گوندی عازەبان کە نزیکەی ٢٠کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجەی شەهیدەوە دیاریکردووە (Frayne, 2008: 48). هەروەها وێرانکاریەکانی گردی زوبێدی و ئیملیحیە لە حەوزەی حەمرین پەیوەستن بەو شاڵاوە سەربازیەی کە توکلتی-نینورتای یەکەم کردوویەتیە سەر ناوچەکە. لە هەمان کاتدا دۆزینەوە شوێنەواریەکان ئاشکرایان کردووە کە هاوکات لەگەڵ

وێرانکاریەکانی ئاشوریەکان لە دەشتی حەمرین، مۆنۆمێنتەکەی کانی ماسیش ڕووبەڕووی سوتان و وێرانکاری بوەتەوە، هەرچەندە هۆکاری وێرانکاریەکە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام دەگونجێت ئەم وێرانکاریە لە ڕێگەی کردەیەکی سەربازی ئاشوریەکان بوبێت، چونکە وێرانکاریەکەی کانی ماسی هاوکاتە لەگەڵ دروست بوونی ئەم ئاڵۆزیە سیاسی و سەربازیانەی لە نێوان کاشیەکان و دەوڵەتی ئاشوری ناوەڕاستدا دروست بوون، کەواتە بۆ ماوەیەک تەواوی ناوچەی کەلار و دەشتی حەمرین کەوتووەتە بن دەستی دەوڵەتی ئاشوری ناوەڕاست.

یەکێکی تر لە گریمانەکان ئەوەیە کە پێدەچێت ئیلامیەکان بەرپرسیار بن لە بەرامبەر ئەم وێرانکاریە، چونکە لە سەرەوە ڕوونکراوەتەوە، ئەوانیش شاڵاوی سەربازیان بردووتە سەر ناوچەی حەمرین و بۆ ماوەیەک داگیریان کردووە. سەرەنجام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە لە دوای وێرانبوونی شارەکە، جارێکی دیکە بینا کارگێڕیەکەی دروست نەکراوەتەوە و لەوکاتە بە دواوە گرنگیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی بە تەواوی لە دەست داوە (Glatz and Casana, 2016: 141).





وێنەی ژمارە ٨: نەخشەی بیناسازی کۆشکە کارگێڕیەکەی کانی ماسی (Glatz and Casana, 2016: 140)

وێنەی ژمارە ٩: گڵێنە و گۆپلێتی کاشی لە ناوبازاڕی شاری کەلار، ئێستا لە مۆزەخانەی شارستانی و کەلەپوری گەرمیانە (توێژەر)

## ئەنجام:

I. ناوچەی کەلار بە یەکێک لە گرنگترین ناوچە شوێنەواریەکانی میسۆپۆتامیا ئەژمار دەکرێت و دەوڵەمەندە بە شوێنی شوێنەواری سەردەمە جۆراوجۆرەکان. مێژووی ئاوەدانی ناوچەکە لە چاخە بەردینەییەکانەوە دەست پێدەکات و بە درێژایی مێژوو پەناگەی مرۆڤ و ئاوەدانی بووە. گرنگترین هۆکارەکانی گونجاوی و لەباریی ناوچەکە بریتی بووە لە ژینگە و کەش و هەواکەی، بواری بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە و زامنی سەرچاوەی خۆراکی پێویستی کردووە. لە سەروبەندی دروستبوونی شارستانیەت و ژیانی شارنشینیدا لە باشوری میسۆپۆتامیا، ناوچەی کەلاریش مەڵبەندێکی ئاوەدان و پێشکەوتوو بووە، بەڵگە شوێنەواریەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زاین (فەرهەنگی وەرکا ٣٧٥٠-٣١٠٠ پێش زاین) تێکەڵاوی فەرهەنگی و کارلێکی شارستانی لە نێوان نشینگەکانی باشوری میسۆپۆتامیا و گەرمیان (شاخی کورە)دا هەبووە. پاشماوەی گڵێنەیی و بیناسازی فەرهەنگی وەرکا لە نشینگەکەدا دۆزراوەتەوە.

II. هەلکەوتەی جوگرافی و گرنگی ناوچەکە کە شارێگەی بازرگانی بووە و خاڵی بەیەکەوە بەستنەوەی باشوری میسۆپۆتامیا بە زاگرۆس و ئێرانەوە بووە، بۆیە بەردەوام هەر لەکۆنەوە تا ئەمرۆش ئەم گرنگیە جیۆپۆلەتیەکیەی لەدەست نەداوە و بەردەوام پاشا کۆنەکانی باشوری میسۆپۆتامیا لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی ئەم سنورە جوگرافیەدا بوون.

III. ناوچەی گەرمیان بە درێژایی ماوەی هەزارەی سێیەم و دووەمی پیش زاین نشینگەی فراوانی نەتەوە زاگرۆسییەکان بووە و تەنانەت ناوی شار و شارۆچکە و شانشینەکانیش گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن.

IV. گوتیەکان وەک نەتەوەیەکی ڕەسەنی زاگرۆسی، مەڵبەندی ژیاریان دەکەوێتە گەرمیانەوە، خاوەن پێگەیەکی بەهێزی سەربازی بوون و بەرەنگاری ئەو هەڵمەتە سەربازیانە بونەتەوە کە لە لایەن پاشاکانی باشوری میسۆپۆتامیاوە کراوەتە سەر ناوچەکە. هەروەها

V. هەڵمەتە سەربازیەکانی پاشایانی ئەکەدی و بنەماڵەی سێیەمی ئور بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و فراوانکردنی سنوری جوگرافی دەوڵەتەکانیان بوو، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی سەرچاوەی ئابوری و کەرەستە بەنرخەکان و ئەو ڕێگا بازرگانیانە بوون، کە دەکەوتنە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی بابل و گەرمیانی ئێستاوە. تۆپۆگرافی ئەم ناوچانە پێک هاتووە لە زەویە نارێک و دۆڵ و ناوچە شاخاویەکان، بەرگری سروشتی پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە دەکرد، ئەمەش وایکرد کە هێزەکانی داگیرکەر بە قورسی بچنە قووڵایی ناوچەکە و وەک تەحەدایەک لە بەردەمیاندا وەستابویەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا شاخەکان دەوڵەمەند بوون بە سەرچاوەی وەک دار و کانزا بەنرخەکان و بەرد، ئەمەش وایکرد لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگ بن و هەوڵ و توانا سەربازیەکانیان بۆ دەست گەیشتن بەم ناوچانە چڕ بکەنەوە. هەر بۆیە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، ناوچە و شارەکانی گەرمیان بە بارودۆخی سەربازی دژوار و پڕ لە کێشمە کێشی سەربازیدا تێپەڕیوە.

VI. لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین، گەرمیان و کەلار ناوەندێکی سیاسی و کارگێڕی گرنگی کاشیەکان بوون و لە ناوچەکەدا باڵادەست بوون. دەرەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە شوێنەواری کانی ماسی، ئەوە دەردەخات کە شوێنەوارەکە شارێکی پێشکەوتوو و ناوەندێکی کارگێڕی و سیاسی کاشیەکانیان کردووە و دەسەڵاتیان بەسەر تەواوی ناوچەکانی هەرێمی دیالە/سیروانی ناوەڕاستدا هەبووە.

VII. سەرباری چڕکردنەوەی هەوڵ و توانا سەربازییەکانیان بۆ سەر ئەم ناوچەیە، بەڵام توانای کۆنترۆڵکردنی ئەم سنورە جوگرافییەیان نەبوو، بە درێژایی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەکەدی و بنەماڵەی سێیەمی ئور، دانیشتوانی ئەم ناوچە بەرگریەکی کەم وێنەیان لە سنورە جوگرافیەکەیان کردووە. بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی ئەم دوو دەوڵەتە بوون، چونکە لە لایەکەوە توانایەکی مادی و مرۆیی زۆریان لەم ناوچانەدا بە بێ ئەنجام بەهەدەر  دا، ئەمەش کاریگەری  لەسەر خەزێنەی دەوڵەت هەبووە. لە لایەکی دیکەوە ئەم نەتەوانە کێشە و گرفتیان بۆ کەرتی بازرگانی باشوری میسۆپۆتامیا دروست دەکرد، چونکە ڕێگا بازرگانیەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەم نەتەوانەوە تێدەپەڕی، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ زیان گەیاندن بە کەرتی بازرگانی کە بڕبڕەی پشتی ئابوری ئەو دەوڵەتانە بوون. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم ناوچانە دەوڵەمەند بوون بە سەرچاوەی کانزایی و بەرد و دار، ئەم نەتەوانە ڕێگر بوون لە دەست گەیشتنی دەوڵەتەکانی باشوری میسۆپۆتامیا بەم سەرچاوە سروشتیانە کە زۆر پێویست بوون لە باشوردا.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. ئەحمد، کۆزاد محمد، (٢٠٠٩)، بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا، بنکەی ژین، ژمارە(١)، ل٧-١٧.
2. صلاح و اخرون، (٢٠١٤)، تقرير أولي عن أعمال التنقيب في تل رحيم، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە (١)، هەولێر، ص ٢٤٣-٢٥٥.
3. محمدامین، مەبەست علی، (٢٠١٨)، تایبەتمەندیەکانی قۆناغی گواستنەوە لە چاخی بەردینی کۆنەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست: پەرەسەندنە فەرهەنگیەکانی مرۆڤی شانەدەر. پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی: شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر-اربیل. (٣٢-٥٥).
4. Ahmed, K. M. (2012). The beginnings of ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC): a historical and cultural synthesis (Doctoral dissertation, Leiden University).
5. Albright, W. F. (1925). A Babylonian geographical treatise on Sargon of Akkad's empire. *Journal of the American Oriental Society*, *45*, 193-245.
6. Alibaigi, S., & MacGinnis, J. (2023). The Bamu Stela, Shahr-i Fadak, and Tapeh Shaho: Why Were so Many Monuments Erected around Mount Bamu?. *Bulletin of the American Society of Overseas Research*, *389*(1), 99-119.
7. Altaweel, M., Marsh, A., Nieuwenhuyse, O., Radner, K., Rasheed, K. and Saber, A. (2012). New Investigation in the Environment, History, and Archaeology of the Iraqi Hilly Flanks: Shahrizor Survey Project 2009-2011. Iraq 74: 1–35.
8. Asouti, E., Baird, D., Kabukcu, C., Swinson, K., Martin, L., García-Suárez, A., & Rasheed, K. (2020). The Zagros Epipalaeolithic revisited: New excavations and 14C dates from Palegawra cave in Iraqi Kurdistan. *PloS one*, *15*(9), e0239564.
9. Białowarczuk, M. (2016). From circle to rectangle: Evolution of the architecture. *Polish Archaeology in the Mediterranean 25*, 575-593.
10. Braidwood LS, Braidwood RJ, Howe B, Reed CA, Watson PJ, (1983). Editors. Prehistoric archaeology along the Zagros flanks. OIP 105. Chicago: The Oriental Institute;.
11. Braidwood RJ, Howe B. (1960). Prehistoric investigations in Iraqi Kurdistan. SAOC 31. Chicago: The University of Chicago Press.
12. Braidwood, R. J., L. Braidwood, J. G. Smith and C. Leslie. (1952). "Matarrah: A Southern Variant of the Hassunan Assemblage, Excavated in 1948". Journal of Near Eastern Studies 11(1): 1–75.
13. Braidwood, R.J. and Howe, B., 1972, Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan. (eds.) Studies in Ancient Oriental Civilization, No. 31. The Oriental Institute of the University of Chicago, Chicago.
14. Brinkman, J.A. (2017). "Babylonia under the Kassites: Some Aspects for Consideration." In Karduniaš: Babylonia Under the Kassite. Proceedings of the Symposium Held in Munich 30 Juni to 2 July 2011, 2 vols., edited by A. Bartelmus and K. Sternitzke, 1:1–44. UAVA 11.1. Berlin: De Gruyter
15. Brinkman, J.A., (1976). Materials and Studies for Kassite History. A Catalogue of Cuneiform Sources Pertaining to Specific Monarchs of the Kassite Dynasty, vol. I. The Oriental Institute of the University of Chicago, Chicago.
16. Buccellati, G., (1990). Salt at the dawn of history: The case of the bevelled-rim bowls. In: Matthiae, P., Van Loon, M.N., Weiss, H. (Eds.), Resurrecting the Past. A Joint Tribute to Adnan Bounni. Nederlands Historisch-Archaeologisch Instituut te Istanbul, Leiden, pp. 17–40.
17. Buchanan, B., (1967). The prehistoric stamp seal: a reconsideration of some old excavations. J. Am. Orient. Soc. 87, 525–540.
18. Casana, J., & Glatz, C. (2017). The land behind Baghdad: Archaeological landscapes of the upper Diyala (Sirwan) river valley. *Iraq*, *79*, 47-69.
19. Delougaz, P. **(**1952**)**. Pottery from the Diyala Region. The University of Chicago Press, Chicago.
20. Edens, C. (1992). Dynamics of trade in the ancient Mesopotamian "world system". *American Anthropologist*, *94*(1), 118-139.
21. Edzard, D. O. (1997). *Gudea and his dynasty* (Vol. 1). University of Toronto Press
22. Frayne, D. (1993): Sargonic and Gutian Periods (2343-2113 BC). The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Early Periods Volume 2. University of Toronto Press
23. Frayne, D. R. (1997). On the location of Simurrum. *Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor of Michael C. Astour*, 243-269.
24. Frayne, D. R. (2008). The Zagros campaigns of the Ur III kings. Journal of the Canadian Society for Mesopotamian Studies, 3, 33-56.
25. Frayne, D.R. (1997). "On the Location of Simurrum", in G. D. Young, M. W. Chavalas and R. E. Averbeck (eds.), Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor of Michael C. Astour. Bethesda: CDL Press, pp. 243–269.
26. Garmian department of antiquities. (2012). Sirwan Regional Project: Report of Activities.

27. Glatz, C., & Casana, J. (2016). Of highland-lowland borderlands: Local societies and foreign power in the Zagros-Mesopotamian interface. *Journal of Anthropological Archaeology*, *44*, 127-147.
28. Glatz, C., Casana, J., Bendrey, R., Baysal, E., Calderbank, D., Chelazzi, F., & Perruchini, E. (2019). Babylonian encounters in the Upper Diyala River Valley: Contextualizing the results of regional survey and the 2016–2017 excavations at Khani Masi. *American Journal of Archaeology*, *123*(3), 439-471.
29. Herzfeld, E. (1968) The Persian Empire: Studies In Geography And Ethnography of the Ancient Near East. Edited from the posthumous papers by Gerold Walser. Wiesbaden: Franz
30. Howe, B. (2014). *Barda Balka*. Oriental Institute of the University of Chicago.
31. Laugier, E. J., Abdullatif, N., & Glatz, C. (2022). Embedding the remote sensing monitoring of archaeological site damage at the local level: Results from the "Archaeological practice and heritage protection in the Kurdistan Region of Iraq" project. *Plos one*, *17*(6), e0269796.
32. Levine, L. D. (1973). Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros—I. Iran, 11(1), 1-27.
33. Liverani, M. (2011). The Ancient Near East: History, Society and Economy. Abingdon, Oxon: Routledge.
34. Llop-Raduà, J., (2011). The boundary between Assyria and Babylonia in the east Tigris region during the reign of Tukultı-Ninurta I (1233–1197 BC). In: Miglus, P.A., Mühl, S. (Eds.), Between the Cultures. The Central Tigris Region from the 3rd to the 1st Millennium BC. Heidelberger Orientverlag, Heidelberg, pp. 209–215.
35. Matthews, R. (2000). *The early prehistory of Mesopotamia: 500,000 to 4,500 BC* (Vol. 5). Brepols.
36. Matthiae, P. (1977). Tell Mardikh: The Archives and Palace. *Archaeology*, *30*(4), 244-253.
37. Michalowski P. (1986) "Mental Maps and Ideology: Reflections on Subartu," in Harvey Weiss, (ed.), the Origins of Cities in Dry-Farming Syria, Guilford, Conn., pp. 129- 56
38. Michalowski, P. (1993): Letters from Mesopotamia. Reiner, E. (ed.): Writings from the Ancient World by the Society of Biblical Literature: vol. 3.
39. Michalowski. P., (1980), new sources concerning the reign of Naram-sin, JCS 32.
40. Nagle, D. B. (1979). The ancient world: a social and cultural history, Pearson.
41. Oates and Joan (1969). "Choga Mami, 1967-68: A Preliminary Report". *British Institute for the Study of Iraq*. 21: 115–152.
42. Oates, D., & Oates, J. (1976). *The rise of civilization*. Elsevier-Phaidon.
43. Oppenheim, A.L. (1964): Ancient Mesopotamia: portrait of a Dead Civilization. Chicago
44. Perruchini, E., Glatz, C., Heimvik, S. G., Bendrey, R., Hald, M. M., Del Bravo, F., ... & Toney, J. (2022). Revealing invisible stews: new results of organic residue analyses of Beveled Rim Bowls from the Late Chalcolithic site of Shakhi Kora, Kurdistan Region of Iraq. *Journal of Archaeological Science: Reports*, *48*, 103730.
45. POSTGATE J.N. and WATSON P.J. (1979) Excavations in Iraq, 1977-1978. Iraq 41: 141-181
46. Redman, C. L. (1978). The rise of civilization: from early farmers to urban society in the ancient Near East. Freeman.
47. Renette, S. (2009). A Reassessment of the Round Buildings in the Hamrin Valley (Central Iraq) during the Early 3rd Millennium BC. *Paléorient*, 79-98.
48. Steinkeller, P. (2015). The Gutian Period in Chronological Perspective. Rova, E. (eds) Associated Regional Chronicles for the Ancient Near East and Eastern Mediterranean. Turnhout: Brepols, vol, 15, pp. 281–288
49. Stępień, M. (2009). From the history of state system in Mesopotamia: the kingdom of the Third Dynasty of Ur. Instytut Historyczny, Uniwerstytet Warszawski**.**
50. Stol, M. 1976. Studies in Old Babylonian History. Leiden: Nederlands Historisch Archaeologisch Instituut.
51. Thompson, R. C., Hutchinson, R.W., (1931). The site of the palace of Ashurnasirpal at Nineveh, excavated in 1929–30 on behalf of the British Museum. University of Liverpool Annals of Archaeo. Anthropol. 18, 79–112.
52. Tsuneki, A., Rasheed, K., Watanabe, N., Anma, R., Tatsumi, Y., & Minami, M. (2019). Landscape and early farming at Neolithic sites in Slemani, Iraqi Kurdistan: A case study of Jarmo and Qalat Said Ahmadan. *Paléorient. Revue pluridisciplinaire de préhistoire et de protohistoire de l'Asie du Sud-Ouest et de l'Asie centrale*, (45-2), 33-51.
53. Tsuneki, A., Watanabe, N., Anma, R., Jammo, S., Saitoh, Y., and Saber, S, A. (2023). Preliminary report of the Charmo (Jarmo) prehistoric investigations, Journal of Western Asiatic Studies, 44, 1-34.
54. Westenholz, J. G. (1998). Relations between Mesopotamia and Anatolia in the Age of the Sargonic Kings. *XXXIVème Rencontre Assyriologique Internationale*, 5-22.
55. Westenholz, J.G. (1997): Legends of the Kings of Akkade: the Texts. Eisenbrauns.
56. Wright, H. E. and Howe, B. (1951). 'Preliminary Report on sounding at Barda Balka', *Sumer* VII.
57. Zeder M. (2005). A view from the Zagros: New perspectives on livestock domestication in the Fertile Crescent. In: Vigne J-D, Peters J, Helmer D, editors. The first steps of animal domestication. Oxford: Oxbow; pp. 125–146.